# بیرەوەریەکانم




هەفتەنامەی **رۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی رێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیروەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێرنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

بیرەروەریەکان لە شێوەی کتێب تایپ کراوە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ نەگرتووە، هەڵبەت هۆکاری سیاسی لە پشت چاپ نەکردنی دا هەیە.

فەرموون با بەیەکەوە بیرەوەریەکان بخوێنینەوەو لێی

## بەشی یەکەم- ٦

### باری گرانی وەرزی زستان لە ئەستۆی من دەکەوێ

(ئەحمەدی خەدیجە کەڕ) مرۆڤێکی فەقیر بوو، دیار کرابوو داری سووتەمەنیمان بۆ بهێنێ، بەیانیان دەهاتە ماڵ و هێستری دەبرد، بارە داری بۆ دەهێناین و دەڕۆیشتەوە، بەخێو کردنی هێسترو ماین کەوتبوە سەرشانی من، زستانی ئەو ساڵە زۆر دژوار بوو، بەفر زۆر باریڕێگەکان بۆ ماوەیەک گیران ، ئەو ماوەیە دەبوایە وەڵاغەکان چاودێری بکرێن.

وەرزی زستان بەسەر چوو وەرزی بەهار هات، سەردەمی چونە دەرە بەتایبەت لەو گوندانەی دەکەونە نێو کێوەکان و بناری کێوەکان ، دانیشتوانی ئەو گوندانە هەر لەسەرەتای بەهار بەشی زۆری رۆژەکانیان لە دەرەوەی گوند لە قەدپاڵی چیا بەسەر دەبرد، بە دوای خواردەمەنیەکانی وەرزی بەهاردا دەگەڕان کەلەلای خۆمان پێی دەگوترێ (کەوش) ئەو کەوشەش لە(کەنگرو رێوانس و کوارگ)و شتی تر پێکهاتووە.

لەوەرزی هاوینیشدا سەرگەرمی کۆکردنەوەی دانەوێڵەو بەرووبوومی باخچەکان دەبوون، بۆ بەردانە مازیش چەند رۆژێک خەڵک بەکۆمەڵ دەڕۆیشتنە مازی چنین.

لە وەرزی پایزدا بەشێکی زۆری خەڵک بە دوای (قەزوان و گێوژو بەڕوو) دا دەگەڕان وکۆیان دەکردنەوەو رۆژیان بەسەر دەبرد.

لەسەرەتای بەهار لەگەڵ هاتنی ئەو وەرزەو بارینی بارانی بەخوڕ بەفری قەدپاڵی کێوەکان دەتوێنەوەو کەندو دۆڵ و شیوەکان ئاوی بەفراویان پێدا دەڕژێتە خوار، گوڵزاری سروشتی بەر رۆژو نزارەکان وبەرزاییەکان دەرازێنێتەوە، دانیشتوانی گوندەکان دەکەونە جموجۆڵ، بۆ هەروەدەری بەهاری ئەوساڵە رۆژێک تێکڕای (کارد)ی کەرانی گوندی دەرگەڵە لە گوند دەرکەوتن دەڕۆیشتنە راو و کاردی کاتێک سەیری ڕێگەی چنێرانم کرد، بەڕای خۆم وا بوو کەس لە گوند نەماوە هەموویان دەرکەوتوون وا بەرەو (هەندرێن) دەڕۆن هەرکەس توورەکەی بەشانەوەیە وا لە هەوارزی چنێران سەردەکەون سەرەتای گەیشتبوە (گۆڕێ شایی) پێش ڕەوەکانی پێشەوە لە گۆڕی شایی دایان بەستە شایی هەتا ئەوانی تریان گەیشتنێ، ئەو کاتە دەستە دەستە بەرەو زینی دەرگەڵە سەرکەوتن، لەسەر زینی تیپە شاییەک کرا، ئەوجا کەوتنە ڕێ و بە بناری (هەندرێن) دا تێپەڕین و لەناو دارستاندا بڵاو بوون، هەریەکەی بۆ لایەک بەنیازی کۆکردنەوەی کاردی بەڵام پێش ئەوەی بڵاو بکەن شوێنی بەیەک گەیشتنەوەی نیوەرۆ دیاری کرا

،ئەوەی جێگەی یاد کردنەوەیەو بەردەوام دێتەوە یادم ئەوەیە لەدڵی خۆمدا کچێکم خۆش دەویست واشم هەست دەکرد ئەویش منی خۆش دەوێت، کەچی ئەوەندەی دەمکرد نەمدەتوانی راستەوخۆ بیدوێنم و مەرامی دڵمی پی بڵێم لەوکاتەی کاردی کەرەکان بڵاوەیان کرد، بەهەلم زانی چاودێری کچە بکەم بۆ کوێ دەڕۆیشت، ووردە ووردە لابەلا بەدوایدا رۆیشتم سەردەمێک بۆم هەڵکەوت لێی نزیک کەوتمەوە، بەیەک گەیشتین وکەوتینەئاخاوتن، لەوئاخاوتنە توانیم مەرامی خۆمی پێڕابگەیێنم ئەویش مەرامی ئەوەبوو بەیەک بگەین، لەو بەیەک گەیشتنەمان تەواو ڕێک کەوتین، دڵمان یەک بوو، لە دوای ئەو دڵ خۆشیەدا هەریەکەی بە لایەکدا رۆیشتین بەرەو ئەو شوێنەی دیار یکرابوو، نیوەورۆ لێی کۆبیینەوە.

ئەوەی شایەنی لێ دوانە ئەوەیە ئەو رۆژەی قەدپاڵی (هندرێن) بەرۆژێکی یادرگاری مێژوویی دڵ خۆشی خۆمی دەژمێرم، لەو رۆژەدا بوو کە توانیم مەرامم بەڕێکی بەدی بێنم لەگەڵ خۆشەویستەکەم ، ئەگەرچی هەردووکمان بچوک بووین لەگەڵ ئەوەش دڵمان لەگەڵ یەک بوو، لەو رۆژەدا ئارەزووی هەردووکمان یەکی گرتەوە.

ئەو رۆژەی ناو دارستانی کێوی (هندرێن) پڕ لە کاردی کەران ببوو، لە هەموو کەندو دۆڵ و باسکێک دەنگی لاوان تێک هەڵاوی یەکتربوون، هەریەکەی بە ئارەزووی خۆی گۆرانی دەگۆتن، لە هەموو شوێنێک گوێ بیستی ئاوازی ناسکی کچە دەنگ خۆشەکان دەبووم. شایانی ئەوەیە بڵێم ئەو رۆژە یادێکی تایبەت بوولە ژیانی مندا.

هەروەدەری بەهاران لەوەدایە زیاتر بۆ خۆشی و رابواردن دەرۆنە کەوش، ئەوانەی دەرۆنە چیا دەبینی هەرچەند کەسێک بەیەک دەگەن تێلەگەکانیان دادەنێن و دەستی یەکتر دەگرن و دەست دەکەن بە شایی کرد دەکەن .

ئەوەی زۆر جوانە ئێواران کە دەگەرێنەوە هەریەکەی چەپکێک گوڵی شلێر دەخاتە ناو تێلەگەکانیان کە نیشانەی کاردی کەرانە.

وەک لە سەرەوە نوسراوە لەگەڵ گواستنەوەی ماڵمان لە ماویلیان ووردە ووردە کارەکانی ماڵ بەرەو پەشێوی دەڕۆیشت، بەدیار دەکەوت کە باری گران لەسەر شانی من زیاد دەبێ. لە دوای ئەوەی باوکم مێگەلی مەڕی بە شوانی دا بیست سەر بزنی بۆ دۆی ماڵ گێڕایەوە، بردمانە لای شوانی گوند (قادر خەلیل)کە ناسرابوو (قادرە لاڵ) بزنەکانمان بە ئەو سپاردن. لە سەرەتای هاویندا رۆژێک پێیراگەیاند کە دوو بزن دیار نین، بە شوان گۆترابوو گوتبوی دەرۆمەوە شوێنی دوێنێ، دەیان دۆزمەوە دیارە بەجێ ماون، دوو سی ڕۆژ بزنەکان نەدۆزرانەوە، بێ سەرو شوێن بوون، شوان گۆتبوی یەکێکم لەگەڵ بێت بەیانی بزنەگەل بێنێتەوە گوند، من دەرۆمە ناو مێگەلەکانی بن کارۆخ، بەڵکو سەر پەڕ بووبن، لەسەر خواستی شوان ئێوارە لەگەڵی چووم، ئێوارە درەنگ بوو لەگەلی سەرەوە دەرکەوتین کاتێک گەیشتینە ناو گۆڕستانی (مام شێخ هەمزە) بزنە گەل بەبناری کێوی هەندرێن دا بەدیوی بن کارۆخ بەلەوەڕ دەڕۆیشت روو لە (برێشک)، تەواو تاریک داکەوت، بزنە گەل بەناو گیا بەرزەکانی قەد پاڵی چیا سەر دەکەوت ببوە چرپە چرپ وات دەزانی ئاخۆ چییە؟

ئەوەی بەلامەوە زۆر سەیر بوو دەنگی باڵندەکانی بەشەو دەخوێنن گوێ بیست دەبووم و هەستم را دەگرت نەمدەزانی کە باڵندەن، وامدەزانی دڕندەیە، دوایی لە شوانم پرسی قادر ئەوە دەنگی چییە دێت؟ گوتی دەنگی مەرە دێت؟ شوان کەمێک زمانی لەنگ بوو تێ دەگیرا گوتی: کو نازانی دەنگی چییە؟ هەر ئەو جارەت گوێ لە دەنگی ئەوها بووە؟ گوتم ئەرێ وەڵلا یەکەم جارە ئەو هۆرەم گوێ لێبیت، ئەو دەنگە زۆر سەیرە وەک دەنگی مەڕ وایە؟ شوان پێکەنی و گوتی: ئەوە قەرەباشکەیە، ئەو قەرە باشکە بەچەند جۆرێک دەخوێنن، وەک شوان فیتە فیت دەکات، وەک مەڕ بارە بار دەکات، جۆری تریش دەخوێنێ.

بە درەنگەوە گەیشتینە بن چیا، (قادر) بزنەگەلی لە شوێنێک کۆکردەوە ،گۆتی: ئێرە هەوێزە یانی مۆڵگەی شەو، ئەوەی بەلامەوە زۆر سەیر بوو ئەوەبوو ئەو بزنە گەلە وات دەزانی بەدەم پێیان دەڵێن، هەیەکەی جێگایەک بۆ خۆی خۆشبکات بۆ نووستن، دیارە هەر لەوە شەوە دەڵێن: بزن بۆ شەوێک جێگای خۆی خۆش دەکات، .

کاتێک مێگەل لە هەوێز مۆڵ بوو، شوان بەپەلە رۆیشت و باوەشێک داری ووشک و هەندێ چیلک و گەڵاو کرشی هێناو زوو ئاگرێکی کردەوە، ئاگر خۆش بوو، شوان لە تەنیشت ئاگردا خۆی لەناو کەپەنەک لوول دا، لە دوای ماوەیەک هەستا چوو دوو مۆرە داری ئەستوری هێناو دایناپە سەر ئاگر، رۆیشتەوە ناو کەپەنەک بەمنیشی گوت ئەتۆش جێگایەک بۆخۆت خۆش بکەو هەتا بەیانی بنوو.

لەلایەکی ئاگرەکە منیش شوێنێکم خۆش کرد، بەردێکم خستە ژێر سەرم، خەوم لێ کەوت، کاتێک ئەوەندەم زانی سەگەکان زۆر بەئاڵۆزی چەمارۆیان بردە پشتی هەوێز لەگەڵ دەنگی سەگەکان شوان سەری بەرز کردەوە بەدەنگێکی بەرز تاني سەگەکانی دەدا دەیگۆت : ئۆیها. وەڵا ئەوشەو دەعبا هەنە بۆیە سەگەکان ئەوەندە ئاڵۆزن .

پرسیم: قادر دەعبا چییە؟ شوان گوتی یانی دڕندەی گۆشت خۆر دەگەڕێن، گورگ و ورچ، لە دوای ئەو هەرایە بە درەنگەوە خەوم لێ کەوت، لای بەیانی شوان مێگەلی دەنگ دابوو رۆیشتبووە شەوین یانی (شەو لەوەر) منی لەوێ جێ هێشتبووم بەبێئەوەی بیر بکاتەوە ئەوە منداڵە هەڵ بستێتەوە دەترسێت؟

کاتێک هەستامەوە گەزەنگی هەتاو لە لووتکەی بەرزی کارۆخ و چیایەکانی دابوو ، سەیرم کرد مێگەلی بزن وا لەنزیک گوڕ مێکوک دەلەوەڕێ، کەمێک لەسەر پەنگرەکانی ئاگرە دامرکاوەکە دانیشتم، دیتم سەگێک لەوێ ماوە، لە دواییدا سەرەو ژێر رۆیشتمە خوارەوەو پەریمەوە بەری لای کۆڵێت، لەسەر ڕێگە دانیشتم ، لەوێوە بەری هەندرێن باش دیارە، سەیرم دەکرد لە پڕێک دا بزنە بزر بووەکان کەوتنە بەر چاوم کە لە بەرزایی چیا لەناو شاخەکان دەلەوەڕان، ئەو شوێنەم دەست نیشان کرد، ئەگەرچی دوورو سەختیش بوو بەرەو ئەو شوێنە رۆیشتم هەتا شوان هاتە خوارەوە، پەڕیمەوە بەری (هەندرێن) و بەچیا دا سەرکەوتم، کاتێک دەبینم گەیشتوومەتە سەری (بەستە رێواس) لەو شوێنەی دەست نیشانم کردبوو زیاتر سەرکەوتبووم کەمێک گەڕامەوە، بزنەکانم دۆزیەوە دانمە پێش خۆم و دام گێڕانە خوارەوە وکەوتمە دوویان هەتا هێنانمە ناو گەلی، ئەوەندەیان ئاو خواردەوە باسی ناکرێت، لەوێش هێنانمەوە ناو گوند، زۆر لە پێش مێگەل گەیشتمەوە جێ،

کە ئەم گۆت بزنەکانم لەسەری بەستە رێواس هێناونەتەوە باوەڕیان پێ نەدەکردم، دەیان گۆت چۆن توانیوتە بگەیتە ئەو شوێنە ! وایان دەزانی من راست ناکەم ، بەڵام (ئەحمەدی مام شەڕە) منی دیبوو کە بزنەکانم لە چیا هێنا بوونە خوارەوە، گوتبووی: (من لە سەرە نێری بینیم منداڵێک لە ناو گاوان لە سەر بەستە رێواس بە دوای دوو بزن کەوتبوو دەی هێنانە خوارەوە، کاتێک گەیشتە باسکی بارۆیان ئەوجا ناسیم زرارە، ئەوکاتە باوەڕیان کرد کە لەکوێ بزنەکانم هێنانەتەوە.

مازو: مازو بەری داری مازوە، دارەکەش لە درەختەکانی قەد پاڵی چیایە، لە سەردەمەکانی رابردودا مازو دەفرۆشراو بۆ دەباغ بەکار دەهێنرا، خەڵکی گوندەکانی ناوچیا مازویان کۆ دەکردنەوە، ئەوەی دیاریدەیە ئەو گوندانەی نزیک بە دارستان بەکۆمەڵ دەرۆیشتن بۆ مازو چنین ، مازو چنین ببوە رەووشتێکی ساڵانەی گوندەکان، لەبەر ئەوە لە گوندەکان یاسایەک داندرابوو نەدەبوو هیچ کەسێک پێش رۆژی بەردانە مازو بڕوات ، تاکە مازوێک بکات، ئەوەی پێش ئەو رۆژە قەدەغەی شکاندبا بەسزای دیاریکراوی دەگەیشت، مازوش ساڵییک هەیەو ساڵێک نییە. وەک رەوشت پێشی بەردانە مازو زووتر خەڵک خۆیان ساز دەداو چۆلاکیان دروست دەکردن. چۆلاک دارێکی درێژی بەسەرکە تایبەتە بۆکردنی ئەو مازوانەی دەستیان نەدەگەیشتێ، منیش ئەو ساڵە خۆم ئامادە کرد لەگەڵ منداڵەکانی مامم (سەیدئاغا) بڕۆمە مازو چنین، بۆ ئەو مەبەستە ئێوارەی رۆژی بەردانە مازو رۆیشتمە ماڵی مامم لەوێ نوستم، لەبەرئەوەی دەبێ لەگەڵ تاریک و رۆنی بەیانی لەو شوێنە بن کە مازوی لێ دەچنن، سەیر لەوەدابوو ئەو شەوە هەتا بەیانی خەوم لێ نەکەوت! چییە دەرۆمە مازو چنین، ئەوەش ئەوە دەگەینێ جاری یەکەمم بوو بچم بۆ مازو، کاتێک خەوم لێ کەوت بوو ئەوەندم زانی یەکێک لەکچە مامەکانم ووشیاری کردمەوە، دیار بوو هەر شەو بووکەوتینە ڕێ، بەشەویش گەیشتینە ناو دارستانی چیا ماوەیەک دانیشتین هەتا دونیا رۆناک بوو، بەچاوی خەواڵۆ بە باشی دارەکانم نەدەدیت کەچی دیاربوو هەرداریێک زەلامێکی لەسەربوو مازویان دەچنین، خۆشی لەوە دابوو لەگەڵ گەزەنگی هەتاو لەهەموو لایەکەوە دەنگی مازیکەران دەهات، هەرکەسەی بەئارەزووی خۆی تێی هەڵکردبوو، چی ئارەزووی بوو دەیگوت. بێگومان لەوکاتەدا گوێت لەجۆرەها ئاواز دەبوو لەبەرئەوەی هەر کەسەی لەراستی خۆی بیزانیبا یان نەیزانیبایە دەیگوت وای دەزانی دەنگی خۆشە، بەو شێوەیە لەهەموو کەندودۆڵ وباسکێک لەناو دارستان هەڵا بوو، ئەوەی زۆر خۆش بوو دەنگی کوڕوکچ تێکەڵاوی یەکتر ببوون، وات دەزانی تەواوی گوندی دەرگەڵە لەناو ئەو دارستانەیە، ئەوگۆرانیانەی گوێم لێیان بوو خۆشترینیان ئاوازی بەلۆرە بوو، کچان دەیانگوت، ئاوازی بەلۆرە ئاوازێکی فۆلکلۆری کۆنی کوردیە، لەشێوەی مەنۆلۆج بەکار دەهێنرێ، ئەوگۆتنە زارگۆتەی لاوانە بەتایبەتی ئەوانەی یەکتریان خۆش دەوێ.

خۆشیەکەی رۆژانی مازو چنین لەوەدایە، لەکاتی نوێژی نیوەرۆ، دەستە دەستە کچ وکوڕو پیرو لاو تێلەگە بەشانەوە دادەرژێنە سەر ئەو ئاوەی بۆ پشووی نوێژی نیوەرۆ دەرۆنە سەری، یەکەم رۆیشتینە سەرکانی کۆڵان لەبناوی (بەستی شەمێ) لەدیوی (دۆڵەمنجەل) ئاوی ئەوکانیاوە سازگارە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشیم بوو ئەوەبوو ئەوکچ و کوڕانەی دەگەیشتینە سەر ئاوەکە بەپەلە تێلەگەیان دادەناو چاویان دەشووشتن، زۆریان شەڕە ئاویان دەکرد، ئاویان بەیەکتردا دەکرد زۆریان بەبەرگی تەڕیان دەرۆیشتنە بەر هەتاو خۆیان ووشک دەکردەوە .

لەسەردەمی مازوکردن یاریەک هەبوو کە ئێستاش ماوە، یاریەکە پێی دەڵێن (کەت یان جۆت) ئەوەش جۆرە قوماریکە مازو کەرەکان دەیان کرد، وا دەبوو زۆر کەس ئەو مازوانەی بەدرێژایی رۆژ کۆی کردبونەوە دەی دۆراندن و بە دەست بەتاڵی دەگەڕایەوە، ئێستاش بە زۆری لە ناو منداڵان بە گوێز دەکرێت، ئەو یاریە زۆر کۆنە لە ناو کۆمەڵگەدا، دیارە هەر لەوەشەوە هاتوە دەڵێن (مازوکەری کون دەپاشۆلێ) بەو مانایەی ئەوەی مازو کەر دەدۆڕێنێ و جانتای بەتاڵ دەبێت، پاشۆڵ لە چارۆگەی ئافرەتانەوە هاتوە، ئافرەت کاتێک کە دەڕوات پەلکە مێوو کۆبکاتەوە چارۆگەی لەپشتێنی قایم دەکات و

# دەروون دونیا

### ئەگەر کەرکوک بدرێ بە یوئێن – دەبێ خەڵکی بەبێ شێو بنوێن.

بەو پێ یەی کەرکوک لە بۆ کوردستان، وەکو ئاو وایە لەبۆ دارستان، ساڵانێکی دوورو درێژ شۆڕشی کورد ئەدەبیاتی خۆی لەسەر ئەو عیشقە دارشتبوو. تەنانەت منداڵان و فێرخوازان فێری ئەلف و بێی ئەو عیشقە دەکران و دواتر دەگوێزرایەوە بۆ قەرەولی تفەنگی هەڵۆکان. بەداخەوە ئێستا بەهۆی هەڵەی هەندێ لەبەرپرسە حیزبی و حکومییەکانی کوردەوە ئینتیما بوون بۆ ئەو شارە، یان ئینتیمای ئەو شارە بۆ کوردستان، باسەکەی ئەوەندە بووە بەشتێکی عەیبە کە لەهەندێ شوێن نەک بەرگری لە ناسنامەی ئەو شارە ناکرێ بەڵکو برای بەرپرس پێی عەیبە کە بڵێ خەڵکی ئەوێم. ئەم لەخۆبایی بوون و کاڵ بوونەوەی نیشتیمان پەروەرییە لەوەدەچێ جارێکی دیکە سەری هەموو کورد بکاتەوە بەقوڕا. کورد هەر لەدوای ڕوخانی بەعسەوە نەیتوانی سود لەو پرۆسەیە وەرگرێ و بەنرخێکی کەم تاپۆی گەورە وەرگرێتەوە، هەرزوو ئەمریکییەکان درکیان بەوە کرد کە کورد قابیلی ئەوە نییە ئەو ئەمانەتە وەرگرێ لەو شارە چونکە کوردێک نەتوانێ لەناوخۆی پۆستی ئیداری شارێک دابەش بکاو ڕێز لەیەکتر نەگرن ئەی چۆن بەیانی ڕێز لە نەتەوەکانی دیکە دەگرێ و دیموکراتی پیادە دەکا. لەبەرئەوە بەپەلە بنەو بارەگای خۆی هێنایە سەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوک و (ستۆپی) بە کورد کرد. هەندێک لە کوردەکان ئەم کەلەپچە کردنەی خۆیان پێ خۆشتربوو لەوەی تەنازوول بکەن بۆ یەکترو کردیان بە بیانوویەک کە ئێمە دەمانەوێ خزمەت بکەین بەڵام نایەڵن.ئەم ناهۆشیاریەی کورد لەو شارە ڕێگای خۆشکرد بۆ کۆنە بەعسی و عەرەبە توندڕەوەکان و تورکە ڕەگەزپەرستەکان چیتر حساب بۆ کورد نەکەن. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی کەرکوک، کە دیسان جەماوەری کوردی ئەو شارە بوونەهۆی سەرخستنی لیستەکەیان، وەدوای پەسەندکردنی دەستورو چەسپاندنی مادەی (١٤٠)، ئاهێک بەبەر کوردا هاتەوەو دڵەڕاوکە ناحەزانی داگرتەوە. بۆیە عەرەبە شۆڤێنییەکان و کۆنەبەعسییەکان بەهاوکاری هەندێ دەوڵەتی ئیقلیمی و ڕۆژئاوایی رزگارکەری عێراق و ڕێکخراوی قاعیدە، بە تیرۆرکردن و تەقاندنەوە کەوتنە وێزەی شارەکەو بەتایبەتیش ناوچە کوردییەکان. ئێستا ڕەوشی شارەکە زۆر ئاڵۆزەو ئەمریکییەکانیش وەکو چۆن لەشوێنەکانی دیکەی عێراق سەرکەوتوو نەبوون لەوێش هیچیان پێ ناکرێ، لەوەش دەترسن وەزعەکە لەمە ئاڵۆزتربێ و نەوتەکەشیان لەکیس بچێ. لەبەرئەوە پرۆژە بڕیارێکیان ئامادەکرد لە نەتەوەیەکگرتووەکان هەتا بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو شارە بەو ڕێکخراوە برۆکراسییە بسپێرن و خۆیان لە مەسەلەکان بدزنەوە. بەم پێیەش ئەمریکا نەوتی خۆی هەیە بەبەردەوامی دەیبات، هەر کێشەیەکیش لەمەودوا ڕووبدات ئەم لێی بەرپرس نییە. هەرچی مادەی (١٤٠) یشە بەهێواشی مردار دەبێتەوە، چونکە هەرکەسێ شارەزای مێژووی (UN) بێت دەزانێ تائێستا هیچ کێشەیەکی تاسەر چارەسەر نەکردووە. هەربەوپێیەش بێ دەستوری عیراق دەچێتە بن پۆستاڵی دەسڕۆکانی ناو (UN) وە. ڕەنگە ئەگەر ئەمریکاو بەریتانیا بزانن کورد کێشەیان بۆ دروست دەکات لەسەردابڕانی کەرکوک لە کوردستان بەنەوتی (شیواشۆک و زاخۆ) ڕازییان بکات لەم کاتەدا بۆ دوارۆژیش کەس نازانێ چییان لێ دەکات.